



## کراس و جلی بووک بۆ ساڵی (٢٠١٧)

بەر لەهاتنی ساڵی تازە، کۆمەڵێك مۆدی جلوبەرگ و ئێکسسوارو کەرەستەکانی جوانکاری بۆ ساڵی نویێ ئامادەدەکرێن و مۆدیان دیار دەکرێن، تا خانمان لەئێستاوە ئاشنای شێوازەکانی داهاتووی جوانکاری بن، هەروەها بۆ ئەوەی لەئێستاوە کار بۆ بەدەستهێنان و ئامادەکاری مۆدە تازەکە بکەن، لەتازەترین مۆدەکانی جلی بووك کە لەلایەن دیزاینەر (زاك پۆسن- Zac Posen) کاری لەسەر کراوە، لەشاری لۆس ئەنجلیسی ئەمریکی، کە بۆتە جێگەی سەرنجی هەموان. مۆدە تازەکەی جلی بووك هاوشێوەی شێوەی کلکە ماسییە، کە لەخوارەوە لەشێوەی پەڕپەڕ و نەخشەوە فراوان دەبێتەوە، بە مۆدی (دانتیل) دەناسرێت، لەبەشی ناوەڕاست و لەسەر ناوقەدەوە لەشێوەی کێب (گڕنی) دەبێت، شێوەی ئەو جۆرە کراسە لەدیمەنی سرووشتی شێوەی ماسی وەرگیراوە، بەمانای ئەوەی جلی بووك هاوشێوەی شاجوان و بووکی دەریا بێت.

## ئێکسسوارە ڕەنـ

زۆری ئەو هەموو مۆدو شێوازە جۆراوجۆرانەی ئێکسسوارەکان، وا لەئافرەتان دەکات کە هەردەم نیگەران و دوودڵ بن لەهەڵبژاردنی شێوەیەك، یان مۆدێکی ئێکسسوار، چونکە لەنێو ئەو کۆمەڵەدا ناتوانن یەکێکیان بەدڵ بێت، بۆیە تووشی دڵەڕاوکێ دەبن لەدەستنیشانکردنی یەکێکیان، بەتایبەت ئەو ئێکسسوارانەی کە لەبۆنە و یادەکاندا لەبەری دەکەن. تەنانەت هەندێ جار بەهۆی ڕەنگی جلوبەرگەوە، هیچ





# تێکەڵەی ڕەنگەکان لەجلی زستانەدا

سەرماو سۆڵەی ئەم وەرزە وایکردووە، بۆ خۆپاراستنمان زیاتر لەدوو، یان سێ پۆشاك لەبەر بکەین، تا لەسەرما بەدوور بین و زیانیشمان پێنەگەیەنێت، بەڵام زۆربەی خانمان حەز بە زۆریی ڕەنگەکان لەجلەکانیاندا ناکەن، چونکە پێیانوایە جوانیشیان دەشێوێنێت، بەڵام ڕەنگە لەم بیرۆکەیە هەڵە بن، دەتوانن جلەکانیان لەچەند ڕەنگێکی تێکەڵ پێکبێت و مۆدێکی شیکیش بێت. ئەو ڕەنگانەی لە جلی زستانەدا بەیەکەوە لە جلێك زۆر گونجاو دەبن، بریتین لە:

- پەمەیی و سەوزو ڕەش: مۆدێکی نایابە لەجلوبەرگدا، شێوازێکی ناوازەی هەیە.
- سەوزو پرتەقاڵی: زیاتر ڕەنگە سەوزەکە دەردەکەوێت و کاریگەری خۆی دەخاتەسەر ڕەنگە پرتەقاڵییەکە، بۆیە تۆی خانمیش دەتوانی تەنوورەیەکی پرتەقاڵی و چاکێت، یان بلووزێکی سەوز لەبەر بکەیت.
- پەمەیی و سوور: هەڵبژاردنی ئەو دوو ڕەنگە بەیەکەوە مۆدێکی نایاب و سەرنجڕاکێشی دەبێت لەجلوبەرگی زستانەدا.
- سەوزو ڕەساسی: دوو ڕەنگی دوورن لەیەکتر، بەڵام لەسەر جلوبەرگەوە شیك دەردەکەون، هەوڵبدە تاقییان بکەیتەوە.
- قاوەیی و ڕەنگی سووری ئاگر: دوو مۆدی نایابن لەجلوبەرگدا، هەمیشە لەیەکتر نزیکن و شیاوی یەکترن، مۆدێکی تێکەڵ دروست دەکەن.
- ڕەساسی و ڕەش: دوو ڕەنگی کاریگەرو فەرمی، دەتوانی جلەکانیان لەم دوو ڕەنگی بۆ زانکۆ و دەوام و میوانی لەبەر بکەیت.





## گ ئەڵماسەکانی ڤان کلیێف



یەك لە ئێکسسوارەکانت بەدڵ نابن، تا لەگەڵ جلەکاندا بگونجێن، هەر بۆیە کۆمەڵەی (فلاوەر لایس و کۆزمۆس و سنۆ فیلاك – Flowerlace، Cosmos، Snowflake) ئاماژەیان بە ڕەنگێکی ئێکسسوار کردووە، کە لەگەڵ هەموو شێواز و ڕەنگی هەر جلوبەرگێکدا گونجاو دەبن، زیاتر ئاماژە بەو ڕەنگانەی ئێکسسوار دەکەن کە شایستەن تا یەکێکیانت لەبەر بێت، لەوانە: مارکەی ڤان کلیێف، ئاماژە بە ڕەنگی ئەڵماس، یان سیلڤەر و زیو دەدات، کاتێك ئێکسسوارەکان لەو ڕەنگە دەبن، ئیدی لەگەڵ هەموو جلێکدا دەگونجێن، سنۆ فلیکیش پێیانوایە: ئێکسسواری ڕەنگ سپی لوتکەی جوانی ئێکسسوارەکانن، فلاوەرلایسیش دەڵێ: ئێکسسواری دوو ڕەنگە (جا هەر ڕەنگێك بن)، شێوازێکی سەرنجڕاکێشیان دەبێت، هەروەها کۆزمۆسیش دەڵێت: ئێکسسواری کلاسیك و لە ڕەنگی زێڕی مۆدێکی نایابی ئێکسسوارەکانن.





# قۆناغی یەکەمی زانکۆ و بەزمی قیقەقیق

لە سەروبەندی چوونی قوتابیانی دەرچووی دواناوەندی بۆ قۆناغی زانکۆ، لەکۆلێژ و پەیمانگان، بەو هیوایەی لەژیانێکی تازەداو ڕێگەیەکی دیکەی بەدەستهێنانی بڕوانامەو زانست و زانیاری بەهەزاران خوێندکار دەبن، بەقۆناغی یەکەمی زانکۆکەکان، دێرزەمانە دیاردەیەك هەیە لەکاتی وەرگیرانی قوتابییە تازەکان، کە ئێستا بۆتە نەریتێك و لەهەموو کۆلێژو پەیمانگاکان دەبیندرێت. ئەو دیاردەیەش بانگهێشتن و پێدانی نازناوی (قاز)ـە بە قوتابییانی قۆناغی یەکەم، بەوەی کە تازەن و هیچ شوێن و بەشێك لە کۆلێژو زانکۆدا شارەزا نین. تەنانەت نەوەك تەنیا ئەو ناوەیان لێدەنین، لە ڕۆژانی خۆ تۆمارکردن و دەستپێکردنی دەوامی ڕۆژانی سەرەتایی زانکۆدا، قوتابیانی قۆناغەکانی دیکە بە (قیق) بانگی قوتابییە تازەکان دەکەن، ئەو دیاردەیەش بە دوو لایەنەوە لێك دەدرێتەوە، یەکەمیان: وەك دیاردەیەکی قێزەوەن و کە لەئاستی قوتابیانی زانکۆدا نییەو کارێکی نەشیاوە، تێڕوانینی دووەمیش: شتێکی ئاساییەو بۆ خۆشییە، چونکە هەموو قوتابییەك بەو قوناغەدا تێپەڕدەبێت، ئەو بەزمە هەر تەنیا لەلای خۆمان نییە، بەڵکو لەزۆربەی زانکۆکانی جیهاندا ئەو کارە هەیە، بەڵام هەر یەکەو بەپێی نەریت و دیاردەی زانکۆکانەوەیە. بۆ نموونە: لە زۆربەی زانکۆکانی ئەمریکادا، کوڕان و کچان شێوە بەرگی کارتۆنی لەبەر دەکەن و گاڵتە بەقوتابییە تازەکان دەکەن، هۆکاری ئەوەی کە بۆچی قوتابییانی تازە بە قاز ناوزەند دەکرێن، ئەویش بریتییە لەوەی کە ئەگەر کۆمەڵێك قاز لەشوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە بگوازیتەوە، قازەکان تەنیا سەیری شوێنەکە دەکەن و قیقە قیق دەکەن.



## ڕووباری سەوز!

سالانە بۆ یادکردنەوەی پیاوانی ئایینی کریستیان (پاتریك)ی فەڕەنسی، لەچەندین وڵاتدا کە ڕووباریان بەنێودا تێپەڕ دەبێ، ڕووبارەکە سەوز دەکەن، یەکێك لەو شارانەش کە هەموو ساڵێك ئەو بۆنەیە دەکاتەوە، شاری شیکاگۆی ئەمریکایە. سەرەتای ئەو نەریتە بۆ ساڵی (١٩٦٢) دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەمین جار ڕووباری شیکاگۆیان بە دەرمانێکی پاککردنەوەی ڕووبارەکە سەوز کرد، ئیدی لەو ڕۆژەوە و هەموو ساڵێك ڕووبارەکە بۆ ماوەی (١٢) کاتژمێر سەوز دەکرێت، ئەوەش بە تێکردنی ڕەنگی سەوزایی گیاو سەوزە تا ڕەنگی ئاوەکە سەوز بێت، کە بە ماددەی (فلۆرسین) دەناسرێت. سەرپەرشتیاری ئەو پرۆژەیە ناوی (ریشارد دالی)یە، ڕەنگی سەوزیش وەك ڕەنگێکی پیرۆز دەناسرێت، بەو کارەش بە ماوەی (٤٥) خولەك تەواوی ئاوی ڕووباری شیکاگۆ سەوز دەبێت، تا (١٢) کاتژمێریش بەردەوام بە سەوزی دەمێنێتەوە و خەڵك و گەشتیارانیش وێنەی یادگاری لەگەڵدا دەگرن.





## ئارایشت و شێوازی پرچ بۆ ساڵی (٢٠١٧)

ساڵانە بەر لە هاتنی ساڵی نوێ، چەندین لایەنی تازەی کە بۆ ساڵی داهاتوو دانراون، بانگەشەو نمایشی بۆ دەکەن، وادیارە ئارایشت و شێوازەکانی پرچیش یەکێکن لەمۆدە بانگەشەکراوەکان، تا لەئێستاوە ئافرەتان و تەنانەت پیاوانیش بزانن، مۆدی داهاتووی قژ چییەو چۆن دەبێت. هەر یەکە لە دیزاینەران و ئارایشتانی پرچ (پۆڵ و میگۆ ئیڤازیان)، کاری ئامادەکاری ئارایشتەکانی قژ دەکەن، لەنوێترین پێشبینیان بۆ مۆدی پرچ لە ساڵی داهاتوودا، چەند جۆرە ئارایشتێکە، کە لەپێشوودا دەرنەکەوتوون. ئەو شێوە ئارایشتانە بەتەسریحەی (مۆنستەر – Monster) ناسراون، کە زۆربەی لەجەژنی هالۆینەوە وەرگیراون، پێشبینی دەکرێت ئەو شێوازانە ببنە مۆدی ساڵی داهاتووی (٢٠١٧)، هەر لەسەرەتای ئەو کارەدا، چەندین ئافرەت ئەو شێوازانەیان بۆ ئارایشتی پرچیان بەکارهێناوە، ئەوەش وەك نمایشێکی پێشەکی بۆ ئەو جۆرە ئارایشتانە بووە.

## نمایش و تابلۆ لەناو لەپی دەست


نمایشی وێنەو وێنەکێشان هەر تەنیا لەگەلەری و سەر کانڤاس نین، بەڵکو ئێستا شێوازێکی دیکەی گرتووەو مۆدێکی دیکەش پەیدابووە، ئەویش لە ناو لەپی دەستە، وەك بەرهەمەکانی ئەو خانمە هونەرمەندە (سڤیتلانا کۆسۆلۆڤ) کە لەشاری مۆسکۆی رووسیا دەژی، تا ئێستا خاوەنی چەندین نمایش و تابلۆی ناو لەپی دەستە، بەڵام بەهۆی شووشتن و پاککردنەوەی دەستەکان، نمایشەکانی بۆ ماوەیەکی کاتییە، زۆربەی کارەکانی گوزارشت لەوێنەی سرووشتی و مرۆڤ و کەسانی ناودار و ئاو و دەریا دەکات.






## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا، باس لەخوێندنی بەزۆر ناکرێت، ئەگەر وات لەکەسێك کرد کە بە زۆر خوێندن بکات، سەری لێدەشێوێت و بە هیچ ناگات، واتە باشترە خوێندن بە خواست و ویست بێت.





## پەند و وتە

- تۆماس کارلێل، نووسەری ئوسکەتلەندی کە ساڵی (١٧٩٥) لەدایك بووەو لە ساڵی (١٨٨١) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خۆشی و سیاسەت دەڵێ: ئومێدم نییە کە خەڵك لەژێر سێبەری سیاسەتدا بە خۆشی و کامەرانی بژین.



## بۆ زانیاریت

- خۆشەویستی کیمیایی

ئەگەر خۆشەویستی شتێکی چێژبەخشەو تووشی جۆش و خرۆشت دەکات، ئەوا ئەم چێژە گەورەیە هۆرمۆنی (Oxytocin) لێی بەرپرسیارە. کاتێك شتێك، یا کەسێکت خۆشدەوێت لەلایەن رژاوی ئەم هۆرمۆنەوە ئەو هەستەت بۆ دێت، هەر ئەمەش وات لێدەکات منداڵ و خزمەکانت خۆشبوێت و سۆزت بۆیان هەبێت. ئەم هۆرمۆنە لەناوچەیەکی دیاریکراوی مێشکدا لە بەشی

### کاوڕ

بەهۆی چەند هەڵەیەکەوە تووشی رووداوی ناخۆش بوویت و کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو کارەکانت هەبوو، ئەوەی پێویستە لەو ماوەیە دەبێت زیاتر هێمن و لەسەرخۆ بیت. هەندێ جار بەهۆی کارەکانت هەست بە بێزاری دەکەیت و زۆربەی شتی دیکەت لەبیر دەچێتەوە. جوان سەرنج بدەو بیربکەوە، لەراستییەکان باشتر تێدەگەیت.

### گا

کەسێکی ژیر و کارامەی و خەمی داهاتووت نەبێت، تواناکانت بەرەو باشتر دەچن، تۆش ئارام بگرە. کەسایەتیت بەهێزە لەبواری کارەکانتدا، هەمیشە هەوڵ بدە بۆ ئەوەی بتوانی مامەڵەکردنت بە سانایی جێگەی ریزی کەسانی بەرامبەرت بێت. ماویەکە چاوەڕێی ئەنجامێك دەکەی، کەمێك دوادەکەوێ، بەڵام ئومێدبڕ مەبە.

### جمک

پێویستت بە کەسێکە کە رێبەر و رێنیشاندەرت بێت لەکارو هەنگاوەکان، کەسێکی زیرەك و کارامەی و بەهێزی لەبیرکردنەوە، ئەوەی رۆیشت لەبیری بکەو هەمیشە بیر لەداهاتووت بکەوە، چونکە هەر ئەوەیە سەرکەوتووت دەکات. گرنگی بە گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانت بدە، با ئاواتە ئامانجی ژیانیشت بگرێتەوە.

### قرژاڵ

هەردەم بڕوات بە خۆت هەبێت و متمانەی خۆت لەدست مەدە. بە جوانی بیربکەوەو کارێك مەکە جێگەی پەشیمانیت بێت. هەست و دەروونت پاك بکەو مەهێڵە هیچ کارێك ئەزیەتت بدات و هەمیشە دڵت کراوە بێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی باری سۆزداریت گەڕایەوە دۆخی پێشوو.

### شێر

بڕوا بەکەسانێك مەکە کە هەندێ جار بیرۆکەی سەیر دەخەنە مێشکتەوە. کەسێکی بە توانای و بڕوات بە خۆت هەبێت. تەنیا دڵدانەوەی کەسانی دیکە، چارسەر نییە، بەڵکو یارمەتی کێشەکانیان بدە. بە زووترین کات خۆت لەهاوڕێ خراپەکانت بەدوور بگرە، لایەنی سۆزداریشت بەرەو پێشت دەچێت.

### گوڵەگەنم

ئەو کارەی ئێستات جێگەی بایەخی خۆتەو لە دستی مەدە. بڕوات بە خۆت بێت و هەمیشە بیر لەداهاتووت بکەوە مەهێڵە کەس کاریگەریی خراپس لەسەری هەبێت. پێویستە کەمێك چاوکراوەتر بیتە ئاگاداری رووداوەکانی دەوروبەرت بیت. بۆ گەیشتن بە شادمانی چەند هەنگاوێکی کەمت ماوە.



### نەهەنگ

بڕیارەکانت لەجێگەی خۆیەتی و کەسایەتیت بەهێزە، کاری داهاتووت دەستپێکی هەنگاوێکی باشە بۆ تۆ. ماوەیەکە توورەبوونت پێوە دیارەو هەوڵبدە هێمن و لەسەر خۆ بیت. کەسێك لێت نزیك دەبێتەوەو دەیەوێت لە هەست و دڵت تێبگات، هەستت بپارێزە و دڵت گەورە بێت.



### گۆزە

کەسێکی شیاوی تا لەگەڵ کەسانی خێزانەکەت بە باشی ڕەفتار بکەیت و گەورەیان بکەیت. بەڵام ئاگاداری دەوروبەرت بە و مەهێڵە کەس کاریگەریت تێبکات. هەوڵبدە هەمیشە خۆڕاگر بیت و پێویستە کەمێك نەرم ء نیان بیت، چونکە هاوڕێکانیشت پێویستییان بە تۆ هەیە.



### گیسک

هەمیشە بە گەشبینی بیربکەوە ئەوەی لەمێشکتە هەوڵبدە لە ڕاستیدا جێبەجێی بکەیت. ماوەیەکە لەکاتی کارکردندا ماندووبوونت پێوە دیارە، دەبێ زیرەکانە کارەکانت بکەیت، ئەمەش کەمێك خەمت زیاد دەکات، بەڵام دوودڵ مەبە، چونکە تۆ کەسێکی بەتواناى ء سەردەکەویت.



### کەوان

کارێك مەکە ببێتە هۆی پەشیمان بوونەوەت، ئەوەی ماوەیەکە چاوەڕێی دەکەیت، لەئێستادا کاتیەتی تا بەدەستی بهێنیت. لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت پێوەندیت بەهێزتر بکەو سادە بە لەمامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەرت. کەمتەرخەم مەبە بەرانبەر خۆشەویستەکەت، چونکە سۆزی زۆرت پێ دەخشێت.



### دووپشک

ئەوەی بیرت لێی دەکردەوە، بۆت دەرکەوت و زانیت کەسە باش و نیازپاکەکانی دەوروبەرت کێن. لەبیرکردنی ئەو کەسە نزیکانەی ماوەیەك تۆیان لە خەیاڵ بوو، دەبێتە جێگەی نیگەرانی ئەوان، بۆیە زیرەکانە لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکە، لەبواری سۆزدارییەوە ئەوەی ئەوەی لەناو دڵت نووسراوە، لەخۆشیء شادیت بەدی دەکرێ.



### شایان

کەسێك دەیەوێت لێت نزیك ببێتەوە، بەڵام تۆ ڕێگەی مەدە، چونکە دەیەوێ لە نهێنییەکانت تێبگات و کاری خۆی بکات. نابێ لەخۆتەوە بڕیار لەسەر کەسێك بدەیت کە جێگەی متمانەتەت نییە، دەبێ بیناسیت و ئینجا بڕیار بدەیت، چاوپێکەوتنێك ئومێدت بۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ بڕیاردانت لەپڕۆژەیەکی بایەخدار یارمەتیدەرت دەبێ.






# پوختەی فیلمەکان

**فیلمی (بێدەنگی – Silence)**

فیلمێکی تازەی ساڵی (٢٠١٦)یە، باس لە دوو مژدەبەخشەر دەکات، کە هەر یەکە لە (ئەندیرۆ گارفێلد و ئادەم درایڤەر)، ڕۆڵیان تێدا بینیوە. ئەوان بەمەبەستی دۆزینەوەی مامۆستا و ڕێنیشاندەرەکانیان سەردانی وڵاتی ژاپۆن دەکەن. ئەو فیلمە لەمانگی (١٠) بەرهەم هاتووەو لەوڵاتی ئوستراڵیا وێنەی گیراوە، فیلمەکە (٢) کاتژمێرو (٣٩) خولەکەو لەدەرهێنانی (مارتن سۆرسیس)ـەو بەرهەمهێنانی (مارتن سۆرسیس و ڤیتوۆریۆ جیجی گۆری)یە.

# فێلکاری وێنە


- لەم وێنەیدا دووکەس هەن، کە بەهەواوە دانیشتوون، هەوڵبدە بزانە چۆن توانیویانە بەم جۆرە بوەستن!





# نوکتە

- نەخۆشێك پەیوەندیی بە دکتۆرەکەیەوە دەکات و دەڵێ: خۆم ناونووس کردووە کە بەیانی سەردانت بکەم، بەڵام ناتوانم بێم! دکتۆرەکەش گوتی: لەبەر چی؟ نەخۆشەکەش گوتی: نەخۆشم و ناتوانم!



خوارەوەی مێشك دەرژێنرێت، پاشان دەچێت بەرەو ناوچە رژێنێکی تایبەتمەند لەمێشکدا ئەویش (Pituitary gland)ـەو پاشان لەوێ چاوەڕێ بکە، ئەگەر پێویستت بە (Oxytocin) هەبوو کاتێك دەکەویتە ناو هەستی خۆشەویستیەوە. هۆڕمۆنی (Oxytocin) پێوەندی لەنێوان ئاژەڵ و بوونەوەرە زیندووەکان دروستدەکات، بەهێزترین پێوەندی خۆشەویستییە لە ئاژەڵەکاندا، (Oxytocin) حەزی بەهێمنی و متمانە بەخۆبوون هەیە! بۆیە هێمنی و متمانەش بۆ کەسەکە دروستدەکات. هۆکاریشە بۆ زیادکردنی حەزو ئارەزووی سۆزداریش، بەتایبەت لە نێوان هاوسەرەکاندا.